# سێبەر

کەژاڵ ئیبراهیم خدر



خودایە،
حەزدەکەم تۆ هەمیشە هەتاوبیت،
تا بەهۆی سێبەرەکەتەوە
مرۆڤ لە تەنهایی رزگار بکەیت.
*   *   *
هەتاو زۆر جاران‌و تاوناتاوێك
لە ترسی هەور خۆی ون دەکات
هەر بۆ ئەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێبگات
ئاسمان وێنەیەکی دەستکرد نییە وەك تێگەیشتوون
*   *   *
ئەی مرۆڤی راستەقینە،
سێبەری خۆت مەگۆڕەوە بە هەموو دنیا..
چونکە سێبەر هاوڕێیەکی هەمیشەییە..
هەرگیز حەز ناکات خۆی ون بکات
سێبەر نە قسە دەکات،
نە رق‌و کینە‌و بوغز هەڵدەگرێ
نە درۆ دەکات

نه چاڵی قوڵیش بۆ پێیەکانی مرۆڤ
هەڵدەکەنێ
*   *   *
سێبەر ئاوێنەیەکی جوانە
مرۆڤ هەموو رۆژێ خۆی تێدا دەبینێو
زۆر جارانیش خۆی حەشار دەدات
بەڵام قاقاو پێکەنینە ناوەختەکانی
فرمێسکە گەرمو گورەکانی
بەتاریکی نیشان دەدات.
*   *   *
بۆ برسیەکان سێبەر زۆر کات دەبێت بەنان
دەبێت بەحەسانەوەو شوێنی پشوودان
بۆ عاشقێکی تینوی رۆحیش
سێبەر رەنگو نواڵەی جوانە،
عاشق وشەی بۆ دەنووسێ،
تاکو ئەویش لە تەنهایی رزگاری بێ....
*   *   *
سێبەر هاورێیەکی کاتییە..
زۆر جار لە ترسی هەتاوی بەقینی دەوڵەمەند
روودەکاتە مەنزڵگایەك
تاکو چاوی هەژاران‌و
برسیەکانیش ببینێ؟
*   *   *
سێبەر زۆر کات لەگەڵمانە،
نازانین چۆن خۆشمان بوویت....
کە تەنها بین دەیپەرستین،
کە بوینە دوان لێی ون دەبین..